# هەڵبژاردنەکانی ئێران لە چی بارودۆخێکی ئابوورییدا ئەنجامدران؟



تامر بەدەوی

پسپۆری ئابووری و شارەزا لە کاروباری ئێران

دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە ساڵێك بەسەر هەڵگرتنی سزا ئابوورییە نێودەوڵەتیەکانی سەر ئێران، تا ئێستا دۆسیەی ئابووری بایەخێکی زۆری لە شەقامی ئێرانیدا هەیە. دیارە ئەو کاریگەرییەی بەجێماوە لە ئەنجامی هەڵگرتنی سزا ئابووریەکان، وایکردووە دۆسیەی ئابووری لە هەڵبژاردنەکاندا لە سەرووی هەموو دیمەنەکانی دیکەوە بووبێت، کە تێیدا سەرۆکی ئێرانی بۆ جاری دووەم خۆی کاندید کـردەوە. رۆحانی سەرباری ئەو دەستکەوتانەی بەدیهێنابوون، بەتایبەتیش لە بواری کەمکردنەوەی هەڵاوساندا، کەچی ڕووبەڕووی ئاستەنگی ئابووری بۆتەوە، کە دیارترینیان بەرزبوونەوەی رێژەی بێکاری بوو لە ماوەی یەکەمی ویلایەتی حوکم کردنیدا.

# سەرۆك كۆمارەكانی ئێران دوای شۆڕشی ئیسلامی




افیك: ئارام مەحمود ئەحمەد

## سوونەکان و دوو بلۆکی جیاواز

وێڕای ئەوەی سوننەکان بەپێی مـاددەی (115)ی دەستوور ناتوانن خۆیان بۆ پۆستی سەرۆک کۆمار کاندید بکەن، بەڵام ئەمە نەبۆتە ڕێگر لەبەردەم بەشداریکردنیان لە هەڵبژاردنەکان و دەنگدان بە کەسانی دڵخوازی خۆیان و بەدیهێنانی داواکاری و خواستەکانیان، خوستەکانیشیان بە گشتی دەکرێن بە دوو بەشەوە، یەکەم: کۆمەڵە خواست و داواکارییەکی گشتی کە خاڵی هاوبەشن لەنێوان سوننەکان و شیعە ڕیفۆرمخوازەکان، تەنانەت ئوسوڵییەکانیش، وەک باشکردنی دۆخی ئابووری و فراوانکردنی ئازادییە گشتییەکان.

دووەم: ئەو خواست و داواکارییانەی تەنها تایبەتن بە سوننەکان خۆیان، کە لەپێش هەموویانەوە –وەک کۆمەڵەی بانگەواز و چاکسازی بانگەشەی بۆ دەکات لەو بەیاننامەیەی پێش 10 ڕۆژ لە هەڵبژاردنەکان بڵاویکردبووەوە- بریتییە لە یەکسانیی لە پەرەپێدانی ناوچە جیاجیاکاندا، چەسپاندنی بنەمای هاووڵاتیبوون، دابەشکردنێکی دادپەروەرانەی سامان و داهاتەکان، گۆڕینی سیاسەتی ئەمنیی لە مامەڵەکردن لەگەڵ ناوچە سنورییەکان، سوودوەرگرتن لە وزەی سوننەکان بۆ کارکردنیان لە پۆستە باڵاکانی حوکمەت و پارێزگاکان، مامەڵەکردن لەگەڵ هەموو هـاووڵاتـیـان دوور لە هەر جیاکارییەکی ئایدۆلۆژی و مەزهەبی.

سوننەکان لە هەموو هەڵبژاردنێکدا بە جۆرێک لە جۆرەکان خۆیان بە نزیکتر لە بلۆکی ڕیفۆرمخوازەکانی ناو کاندیدەکان دەزانن و کەمتر لە بلۆکی ئوسوڵییەکان نزیکن، واتە ئوسوڵییەکان نەیانتوانیوە متمانەی سوننەکان بەلای خۆیاندا ڕابکێشن، ئەم خۆ لە ڕیفۆرمخوازەکان بەنزیک زانینە دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکار: یەکەمیان بریتییە لە بوونی خاڵی هاوبەش لەنێوان هەردوولادا لە خواست و داواکارییەکاندا، چونکە ئەوەی ڕیفۆرمخوازەکان داوای دەکەن لە بەرفراوانکردنی ئازادییە گشتییەکان و کرانەوەی سیاسی، هەمان ئەو خواستانەن کە سوننەکان هەوڵیان بۆ دەدەن. بەڵام ئەم خواست و داواکارییانە لە ئەگەری بەدیهاتنیاندا، دەبنە زەمینەیەکی پتەو بۆ پڕکردنەوەی خواست و داواکارییەکانی سوننە. هۆکاری دووەمیش ئەوەیە کە ڕیفۆرمخوازەکان لە هەر لایەکی تر زیاتر وەڵامدانەوە و بەدەنگەوەچوونیان هەیە بۆ خواستی سوننەکان، سەرەتای ئەم بەدەنگەوەهاتنەش بۆ سوننەکان دەگەڕێتەوە بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکی پێشوو (محەمەد خاتەمی) لە ساڵی 1977، هەر ئەوکات چالاکوانە سوننەکان بەشداربوون لە بانگەشەکردن بۆ خاتەمی، ئیدی وردە وردە ئەم بەشدارییە تا ئەمڕۆ ڕووی لە زیادبوون کـردووە. هەربۆیە دەبینین زۆرینەی ئەندام پەرلەمانەکانی پێشووی سوننە و چالاکوانە مەدەنییەکانی سوننە کار بۆ هەڵمەتی ڕیفۆرمخوازەکان دەکەن.

ئەم لێکنزیکبوونەوەیەی نێوان سوننەکان و ڕیفۆرمخوازەکان زیاتر لە چەند جارێک لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکاندا ڕەنگیداوەتەوە، بەجۆرێک کاندیدی ڕیفۆرمخوازەکان لە پارێزگا سوننییەکاندا پلەی یەکەمیان بەدەستهێناوە. بۆ نموونە لە هەڵبژاردنەکانی پێشوودا (حەسەن ڕۆحانی) زیاتر لە (70٪)ی دەنگەکانی پارێزگاکانی کوردستان و بلوچستانی بەدەستهێنا.

لەبەرامبەریشدا سەرانی ڕیفۆرمخوازەکان ڕوویان لە کرانەوە کردووە بەرامبەر سوننەکان و دانانی کەسێتییە سوننەکان لە پۆستی لۆکاڵیی ناوچە سوننییەکاندا، لە ویلایەتەکەی ڕۆحانیشدا ئەم پرۆسەیە بەردەوام بوو، کاتێک بۆ یەکەم جار لە مێژووی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا باڵیۆزێکی سوننیی دانـرا، ئەویش کوردێک بوو بە ناوی (ساڵح ئەدیبی) کە ساڵی 2015 کرایە باڵیۆزی ئێران لە ڤێتنام و کەمبۆدیا. ساڵی 2013ش هەر دوای سەرکەوتنی ڕۆحانی لە هەڵبژاردنەکاندا ڕاستەوخۆ ڕۆحانی (یاریدەدەرێتیی کاروباری ئایینیی و کەمینەکان)ی کردەوە، بەدرێژایی ساڵانی 2013-2017ش لە پەیوەندییەکی بەردەوامدا بووە بەو کەمینە ئایینییانەوە، لەپێشیانەوە سوننەکان.

### سەرچاوە:

ماڵپەڕی (صوت الأمة)

ماڵپەڕی جەزیرە

http://www.soutalomma.com/Article/562191

http://www.aljazeera.net/knowledgegate/opinions/201714/5/

## پێگەی جیۆپۆلەتیکی و فۆڕمی مەزهەبیی و بزاڤگەریی سوننەکان لە ئێران

| پارێزگا | پێگە | باری نەتەوەیی سوونەکان | باری مەزهەبیی و بزاڤگەریی |
|---|---|---|---|
| خوزستان | خۆرئاوا و باشووری خۆرئاوا | لە کۆندا بە عەرەبستان ناسرابوو، ئێستاش بە ئەهواز | سەلەفی/ کۆمەڵەی (بانگەواز و تەبلیغ) |
| کوردستان | خۆرئاوا | زۆرینەی کوردە | شافیعی |
| ئازەربایجانی خۆرئاوا | باکووری خۆرئاوا | زۆرینەی کوردە | سەلەفی |
| کرماشان | خۆرهەڵات و باشووری خۆرهەڵات | - | ئیخوان موسلیمین |
| ناوچەی تورکومان سەحرا | باکوور | - | حەنەفی/سەلەفی. سۆفییەکان و ئیخوانەکان |
| ناوچەی خوراسان | باکوور | - | حەنەفییەکان و سۆفییەکان |
| سیستان و بلوچستان | باشووری خۆرهەڵات | زۆرینەی بلوچی سوننەیە | حەنەفی/ سەلەفی/ هەردوو کۆمەڵەی بانگەواز و تەبلیغ |
| هورمزگان | باشوور | زۆرینەی سوننەکانی لە بەندەر عەباس و قەشم و کەنارەکانی کەنداوە | شافیعی |
| فارس | باشوور | زۆرینەی سوننەکانی لە لارستانە | شافیعی |
| بوشەهر | باشووری خۆرئاوا | - | شافیعی |
| ئەردەبیل | باشووری خۆرئاوا | دەوروبەری شاری خلخال | شافیعی و حەنەفی |
| تاڵیش و عەنبەران | باکوور | خۆرئاوای دەریای قەزوین | شافیعی و حەنەفی |
| تاران | باکوور | ژمارەی سوننەکان تێیدا زیاتر لە یەک ملیۆنە | شافیعی |

کۆمار کە لە ڕابەری باڵای ئێران (خامنەیی)ـەوە نزیک بێت، بەڵام بەگشتی دەتوانین بڵێین زۆرینەی دەنگی سوننەکان بۆ ڕۆحانی ڕۆیشتووە. لێپرسراوێکی باڵای گروپی (بانگەواز و چاکسازی)ی ئێرانی (ئەحمەدد هاشمی) ئەوەی ڕاگەیاند کە چاوەڕوانییەکانیان لە سەرۆک و کابینە یەک لەدوای یەکەکانی ئێران ئەوەیە کە مافی یەکسانی هاوڵاتیبوونیان بۆ دابینبکات "وەک هەموو ئێرانییەکانی دیکە"، ئاماژەی بەوەش دا کە لە بچوکترین حاڵەتدا هەتاوەکو ئێستاش ڕێگەی کردنەوەی مزگەوتێکیان پێنادرێت لە تاران.

## کۆنگرەی سوننەکان لە تاران

پێشتر لە میانەی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا و لە کۆنگرەیەکدا لە تارانی پایەختی ئێران، پشتیوانیی خۆیان بۆ حەسەن ڕۆحانی دەربڕیبوو، لەو بارەیەوە هاشمی ڕایگەیاند "کۆبوونەوەکەمان لەپێناو پاڵپشتیی ڕۆحانییدا بووە، چاوەڕوانی ئەوەشمان لێکردووە کە مافی یەکسانی هاووڵاتیبوون بداتە سوننەکانی ئێران وەک هەموو ئێرانییەکانی دیکە و هەموو ڕۆڵەیەکی سەر ئەم خاکە". هەروەها جەختیکردەوە لەسەر "پێویستە سەرجەم پەیڕەوکەرانی مەزهەبەکانی دیکە هاوبەش بن لەگەڵ برا شیعەکانیاندا، هەتاوەکو ئێمە هەست بەوە نەکەین کە هاووڵاتییەکی پلە دووین لە وڵاتدا. ئەگەرچی دانیشیان بەوەدا نا کە سەرۆکایەتیی کۆمار ئەو دەسەڵاتەی نییە کە گرفت و کێشەی تەواوی سوننەکان چارەسەر بکات.

هەروەها ڕاشیگەیاند "سەرۆک کۆمار تەنها یەکێکە لە ناوەندەکانی هێز لەناو دەسەڵاتدا، واتە جڵەوی هەموو کارەکانی بەدەستەوە نییە، هەندێک پرس هەیە سەرۆک دەتوانێت بە شێوەیەکی تاکەکەسی یەکلاییان بکاتەوە. ڕاستە ڕۆحانی هەندێک کاری بۆ سوننەکان کردووە، بەڵام لە هەندێک پرسدا هیچی نەکردووە". ماوەیەکیش پێش هەڵبژاردنەکانی ئەم جارەی ئێران، جێگری یەکەمی حەسەن ڕۆحانی (ئیسحاق جیهانگیری) لە گوتەیەکدا بەڵێنیدا بە بەرگرییکردن لە مافی کەمینەکانی ئێران، جیهانگیری لە میانەی بەشداریکردنیدا لە گەورەترین کۆبوونەوەی سوننەکانی ئێران لە شاری تاران ڕایگەیاند: "ئێران بەبێ نەتەوە و ئیتنیکە جۆراوجۆرەکان بە دەوڵەتێکی سەرکەوتوو دانانرێت، پێشتر چاوم بە شێخ عەبدولەحەمید ئیسماعیل زەهی کەوت، کە ئیمامی ئەهلی سوننەیە لە ئێران، لەگەڵ هەندێکی دیکە لە زانایانی سوننە لەو وڵاتە، بە ناوی حکومەتەوە بەڵێنی ئەوەم پێدان بەرگری لە مافەکانیان بکەین".

## ڕۆڵ و قورسایی سوننەکان لە هەڵبژاردنەکاندا

سوننەکانی ئێران لەمڕۆدا بوونەتە ژمارەیەکی قورس لە هەڵبژاردن و پرۆسە سیاسییەکانی ئێراندا، بە پلەی یەکە بەهۆی قورساییان لــەڕووی ژمــارەی دانیشتوانەوە، بە پلەی دووەمــیش بەهۆی کۆبوونەوەی دەنگەکانیان پێکەوە و دروستکردنی قورساییەکی هەڵبژاردن بەرامبەر کاندیدەکان. سوونەکانی ئێران لە چەندین گروپ پێکهاتوون، بەڵام لە دیارترینیان بریتییە لە کۆمەڵەی (بانگەواز و چاکسازی)، کە لەسەر ئاستی نیشتیمانی خاوەنی ڕێکخستنێکی بەهێزە. هەروەها (شێخ عەبدولحەمید ئیسماعیل زەهی) خاوەنی نفوزێکی بەرفراوانە لەنێوان سوننەکانی بلوچستان و هەردوو پارێزگای باشوور و ناوەند، هەروەها خاوەن ئاستێکی جەماوەریی بەهێزە لەناو کۆمەڵەی بانگەواز و چاکسازی لە ناوچەی کاردکردنی ئەو کۆمەڵەیە. شانبەشانی ئەم دوو ڕەوتـە، چەندین کەسێتیی سوننیی دیکە هەن کە کاریگەرییان لەسەر دەنگی دەنگدەران هەیە لە ناوچە سوننییەکان. هەروەها هەندێک ڕەوتی سوننیی دیکە هەن کە هیچ پەیوەندییەکیان بە سیاسەتەوە نییە، وەک (کۆمەڵەی تەبلیغ)، کە لە ناوچەکانی نزیک لە دەنگدەرانی سوننە کاردەکات، بەڵام زۆر بە دەگمەن قسەی لەسەر کاروبارە سیاسیی و دونیاییەکان هەیە، سەلەفییەکانیش بە هەمان شێوەن، هەروەها شوێنکەوتووانی (مەکتەب قورئان) لە ناوچە کوردییەکان.

چەندین بزاڤی ناسیۆنالیستیی ئۆپۆزسیۆن هەن، کە هیچ خەسڵەتێکی مەزهەبی و ئایینیان نییە، بەڵام لە نێوەندی سوننەکاندا کاردەکەن، بەتایبەت لەنێو کوردەکانی هەرسێ پارێزگای (کوردستان، ئازەربایجانی خۆرئاوا، کرماشان)، بەڵام سەرکردەی ئەم هێزە نەیارانەی کۆماری ئیسلامی ئێران لە دەرەوەی وڵات و لە خۆرئاوا دەژین. هاوکات کۆمەڵە گرووپێکی مەزهەبیی ناوخۆیی دیکە هەن لە ناوچەی بلوچستان، خاکی وڵاتانی دیکەیان کردۆتە شوێنی جێگیربوونی خۆیان و لەوێوە ناوەناوە هێرش دەکەنە سەر ئێران.

بە شێوەیەکی گشتی، گروپە چەکدارەکان لەناو گروپە سوننییەکاندا خاوەنی هیچ ئاستێکی جەماوەریی ئەوتۆ نین، بەڵکو بەگشتی خاوەنی شوناسێکی ئاشتیخوازانەن، لە میانەی بەیاننامە و لێدوانی کەسێکتیی و ڕەوتە سوننییەکانەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە سوننەکان بە چاوی گومانەوە لەو کردەوە چەکدارییانە دەڕوانن.

لە پرسی مافە سیاسییەکاندا، چاودێران پێیان وایە کە بەرتەسککردنەوەیەک لەلایەن دەسەڵاتی سیاسیی ئێرانەوە هەیە بەرامبەر سوننەکان وەک کەمینەیەک، بەجۆرێک ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، ئێران تۆمەتبار دەکەن بە کۆتکردنی مافی کەمینە ئیتنیی و مەزهەبییەکانی وڵات و جێبەجێکردنی حکومی لەسێدارەدان بەبێ دادگایەکی دادپەروەرانە.

بەپێی ئامارە نافەرمییەکان، ژمارەی سوننەکانی ئێران دەگاتە نزیکەی (15 ملیۆن)، لە کاتێکدا ژمارەی کۆی دانیشتوانی ئێران دەگاتە نزیکەی 80 ملیۆن، لەو ژمارەیەی سوننەکانیش تەنها (6.5 ملیۆن) کەس مافی دەنگدانیان هەیە. سوننەکانی ئێران بەسەر (12) پارێزگا لە کۆی (311) پارێزگا دابەشبوون. لەڕووی نەتەوەییەوە سوننەکانی ئێران لە چەند نەتەوەیەک پێکدێن: کورد، فارس، بلوچ، ئازەر، تورکومان، عەرەب، تالیشەکان، هەر ئەمەشە هۆکاری بڵاوبوونەوەیان بە چەندین پارێزگای وڵاتدا.

وێڕای ئەوەی دەسەڵاتدارانی ئێران جەخت لەوە دەکەنەوە کە هیچ جیاوازییەک ناکەن لەنێوان مافە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی هاونیشتیمانیانی ئێرانیدا لەسەر بنەمای ئیتنی و مەزهەبی، بەڵام دەستووری ئێران بەپێی ماددەی (115) جەخت لەوە دەکاتەوە پێویستە کەسی کاندید لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی ئێراندا، لە کەسێتییە ئایینیی و سیاسییەکان بێت و "باوەڕی بە پرەنسیپە بنەڕەتییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران و مەزهەبی فەرمیی وڵات هەبێت (واتە مەزهەبی جەعفەریی دوانزە ئیمامیی "شیعیی" بە گوێرەی ماددەی 12)".

لە میانەی ئەو کێبڕکێ بەهێزەی لەنێوان کاندیدی ڕیفۆرمخوازەکان (حەسەن ڕۆحانی) و کاندیدی توندڕەوە ئوسوڵییەکان (ئیبراهیم رەئیسی)دا هەیە، (مەولانا عەبدولحەمید)، کە یەکێکە لە دیارترین ڕابەرانی سوننە لە ئێران، لەبەردەم جەماوەری هەرێمی "بلوچستان"دا باسی لە پێویستیی هەبوونی یەکسانیی سیاسیی کردەوە لەنێوان سوننە و شیعەدا، داوای لە حکومەتی ئێران کرد ئەو ماددە یاساییە دەربهێنێت کە سوننەکان بێبەش دەکات لە خۆپاڵاوتن و گەیشتن بە پۆستی سەرۆک کۆمار، باسی لەوەش کرد پێویستە لەسەر حکومەتی ئێران جیاوازیی و ناکۆکیی نەخاتە نێوان شیعە و سوننەوە لە ئەرک و مافەکاندا، جگە لەوەی داوای هەموارکردنەوەی ئەو ماددەیەی کرد کە توێژێکی بەرفراوانی ئێرانییەکان لە بەشداریی و کێبڕکێی سیاسی دووردەخاتەوە.

هەروەها باسی لەوەش کرد کە ژمارەی سوننەکان تەنها لەناو تاراندا دەگاتە نزیکەی (یەک ملیۆن) کەس، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕێگەی کردنەوەی مزگەوتێکی تایبەت بەخۆیان پێنادرێت لە شارەکەدا، وەک ئاماژەیەک بەو ڕێوشوێنە ئەمنییە توندوتۆڵانەی دژ بە موسوڵمانە سوننەکان دەگیرێنەبەر، وێڕای بوونی ئەو ئامارانەی جەخت لەوە دەکەنەوە کە دامەزراوە ئایینییە سوننییەکانی لەناو ئێراندا، لە ناوچەکانی پارێزگاکانی (باکوور، بلوچستان، سیستان) بە شێوەیەکی تایبەت.

## بەباشترزانینی هەڵبژاردنی ڕۆحانی

وێڕای جیاوازیی لە بیروبۆچوونی سوننەکانی ئێران دەربارەی کاندیدی دڵخوازیان بۆ سەرۆکایەتیی ئێران، بەڵام زۆرینەیان هەڵبژاردنی حەسەن ڕۆحانییان بە باش دەزانی بۆ پۆستی سەرۆکایەتیی ئێران، ئەمەش لە چوارچێوەی پشتیوانیی سوننەکاندایە بۆ ڕیفۆرمخوازەکانی نزیک لە کرانەوە بەڕووی عەرەب و پشتیوان لە بەرژەوەندییەکانی ئێران لەگەڵ وڵاتە عەرەبییەکان و کەنداو.

بەڵام بۆچوونی جیاوازیش هەیە، ئەوەتا (مەولەوی نەزیر ئەحمەد سەلامی)، زانایەکی سوننەی ئێرانییە و هەرزوو پشتیوانیی خۆی بۆ کاندیدی توندڕەوە ئوسوڵییەکان (ئیبراهیم رەیسی)ی دەربڕی، باسی لەوەش کرد حەسەن ڕۆحانی سەرکەوتوو نەبووە لە جێبەجێکردنی بەڵێنەکانیدا، سەلامی کە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردە شارەزاکانە، ڕایگەیاند کە "ئیبراهیم رەیسی توانای تێگەیشتنی هەیە لە کێشە و ئازارەکانی خەڵک"، ئەوەشی گوت کە "گشت حکومەتەکان پێویستە چاوێکیان لەسەر گەل بێت".

سەلامی ئاماژەی بەوەدا کە "سەرۆک حەسەن ڕۆحانی لە ماوەی چوار ساڵی یەکەمی ویلایەتەکەیدا خزمەتی بە وڵاتەکە کردووە، بەڵام زۆرێک لە بەڵێنەکانی هەڵبژاردنی بەدینەهێناون، بەتایبەت لە پرسی دۆزینەوەی هەلی کار".

بەڵام بەپێی خوێندنەوەی شرۆڤەکاران، زۆرینەی سوننەکان لە هەڵبژاردنەکاندا لەپشت ڕۆحانییەوە وەستاون، بەو پاساوەی کە زانایانی سوننە زۆر لەگەڵ ئەوەدا نەبوون کەسێک ببێتە سەرۆک